www.kurdistannet.org

27-1-2006 0:50بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# دیدارێكی تایبەت لەگەڵ هونەرمەندی گەورەی كورد مامۆستاكەریم كابان ... ئا:رێژین ابراهیم

Rezhen_4ever@yahoo. com



كەباس لەهونەرو مۆزیك و گۆرانی رەسەنی كورد دەكەین، بی گومان كۆمەڵێك كەڵە هونەرمەندی بەتوانامان هەیە كەبەپەنجەی دەست دەبژێردرێن، دیارە هەرئەوان توانیویانە بەرۆحێكی پاكی هونەریەوە كاربكەن ویەكێك لەو هونەرمەندە مەزنانە مامۆستای گەورە كەریم كابانە، مامۆستا كەریم لەساڵی 1927لەشاری سلێمانی لەگەرەكی مەڵكەندی شێخان دێتە دنیاوە لەخێزانێكی هونەر دۆستو نیشتمان پەروەرو ئاین پەروەر ژیاوە، كاكەریم هەر لەسەردەمی منداڵیەوە توانیویەتی خزمەتی هونەری رەسەن وگۆرانیو مۆزیكی كوردی بكات تاكوئێستاش چالاكانە چەندین بەرهەمی بەپێزو پرلەئاوازی جوانبەرهەم هێناوە، گۆرانیەكانیشی رۆژانە بوونەتە وێردی سەر زاری خەڵكانێكی زۆر بەباشمان زانی چاوپی كەوتنێكی لەگەڵ سازبكەین.

**+سەرەتا ئەم كاتەت باش مامۆستا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی لاویەتیو ئەو كاتانەی** كەبۆ یەكەم **جار گۆرانیت تۆماركرد؟**

-بەخێر هاتنت دەكەم، من بەبیرم نایەت نەخوێندەواربوبم، دایكم بەكۆڵ دەیبردم بۆ حوجرە بۆ خوێندن بوو، هەروەها باوكم بەرەحمەت بێت منی خستە مەكتەب كەچووومە مەكتەب یەكسەر چوومە پۆلی دووەم لەمەكتەبی كانێسكان دواتر كەدجەرچووم بۆپۆلی چوارچوومە مەكتەبی فەیسەڵیە، بەڵام بەداخەوە لەبەر نەبوونی، لەساڵی 1941_1942 ئینگلیزیەكان لەشاری، ئیزگەیەكی ناوچەییان دانابوو لەبەر و ئەوەی لەشاری سلێمانی رادیۆ نەبوو كەم كەس هەی بوو ئەگەر ماڵێك زۆر دەوڵەمەند بووایە ئینجا رادیۆی هەبوو، لەبەر ئەوەش دەنگوباسی جەنگی جیهانیدووەم لەو ئیسگەیەوە دەگەیەنرایە خەڵكی شاری سلێمانی مكەبەرەیەكیان لەچایخانەی حمە تۆڵە ومكەبەرەیەكی تریان لە چایخانەی حاجی عەول ویەكێكی تریش لەچایخانەی حمە رەق دانابوو، كەئەم سی چایخانەیی گەورەترین چایخانەبوو لەشاری سلێمانی خەڵكی شار زۆربەیان لەو چایخانەیە كۆدەبوونەوە، هەروەهاچوار مكەبەرەش لەسەر چەتری پۆلیسی هاتوو چۆ لەبەردەركی سەرا دانرابوو، ئەتوانم بڵێم ئەو ئیسگەیە زۆربەی خەڵكی شاری سلێمانی سودیان لێ وەر دەگرت، من لەو ئیستگەیە دانرام بەئەمری مدیریەتی ئەو كاتە، جالەوی ئەوكاتە قورئانم دەخوێندو گۆرانیشم دەوت وبرادەرێكی تریش هەبوو كاك ئەحمەد هەواڵەكانی دەخوێندەوە، زۆر كات خەڵكانێكی زۆر دەهاتن لەبەر دەركی سەرا دۆشەكەڵە یان دانابوو یان حەسیریان دەهێنا دائەنیشتن بۆئەوەی گوی بگرن لەدەنگو باس، هەركەسێكیش دەنگی خۆش بوایە دەهات

گۆرانی دەوت، ئەوكاتە من هەرلەمەكتەب بووم، دوای ئەوە تاسی ی ناوەندیم خوێندسالَی 1945وەك پێشتر باسم كرد نەمتوانی لەبەر نەبوونی تەواوی بكەم، دواتر چوومە دارمعلیمی بغداد بەلاَم لەوێش جێگە نەمابوو، چوومە شورتەی لاسركی لەبەر ئەوەی معاشێكی باشی هەبوو، هەر لەبغداد چاوم بەكاك كامیل ئەمین كەوت ئەوسا ئەو مدیری ئیسگەی بغداد بوو بەشی كوردی، كاك كامیل ووتی ئەبێت ڕۆژانی هەینی بێیت بۆ ئەوەی گۆرانی بلَێیت، منیش بۆیەكەم جار لەرۆژی1/7/1945 چوومە ئیزگەی بغداد بەشی كوردی لەگەلَ مامۆستای خوا لی خۆشبوو (م. جەمیل بەشیر) ئاهەنگێكمان ساز كرد، بەلاَم ئەوسەردەمە جیهازی تەسجیل نەبووهەر ئاوا بە مباشیری ئاراستەی خەلَكەكەمان دەكرد، گۆرانیەكەم ووت زۆریان پی خۆش بوو ئیتر هەموو رۆژانی هەینیەك دەبوو بچمە ئەوی گۆرانیان بۆ بلَێم، هەروەها ئەكاتەی كە هاتمەوە بۆسلێمانی سالَی 1974 بووم بەپێشمەرگەو چوومە شاخ و لەگەلَ هەلَگیرساندنی شۆرشی ئەیلولیسالَی11/9/1963كەئەوكات11/9/1974لەوی گۆرانی (یاران وەسیەتم و) چەند گۆرانیەكی تریش لەگەلَ تیپی مۆسیقای سلێمانی كەلەوی ناوی تیپی شۆرش بوولەوی لەگەلَ ئەواندا ئەو گۆرانیانەمان تۆمار كرد، دوابەدوای ئەمانەش ئێمەیان نەقلَی وەزیفەی مەدەنی كرد وتەقاعودیان كردین، دوای راپەرینیش بەروتبەی عەقیدی شورتە گەرامەوە بۆ وەزیفە، لەوەزیفەیشەوە تەقاعودیان كردم، ئێستاش خانەنشینم كاری هونەریش دەكەم.

**+یەكەمجار كە پەیوەندیت كرد بەتیپی مۆسیقای سلێمانی یەوە كەی بوو وەچی گۆرانیەكت تۆمار كرد؟**

-لەسالَی 1975 لەدوای هەرەس هێنانی شۆرشی ئەیلولەوە من پەیوەندیم كردووە بەتیپی مۆسیقای سلێمانییەوە لەوی بووم بەئەندام هەتا ئێستاش هەرچی بەرهەمم هەیە لەگەلَ ئەو تیپەدا تۆمارم كردووە، دوان لەو بەرهەمانەم كەئاوازی خۆم نین یەكێكیان گۆرانی نامەیەك بۆ خاتو زین كەشعری (د. فەرەیدون عبدول بەرزنجی) ئەوە ئاوازی هونەرمەن سەلاحەرەقە، لەگەلَ گۆرانی تەمەن كەشعری ئەحمد محمد ئاوازی زانای مەحمود هەژارە.

**+چی بكرێت بۆ مانەوەو بەزیندز راگرتنی مۆزیكی رەسەنی كوردی؟**

-ئەبێت هونەرمەند ان دلسۆزانە ئیش بكەن بۆ گۆرانیو موسیقای كوردی، شعری بەتامو چێژەوە بكەن بەئ اوازی گۆرانیەكانیان، ئەو شعرە بی مستە وانەكەن بەگۆرانی و شعرەكانیان و ئاوازەكانیان باقوەتی تیا بێت، دەنگیشیان زۆر یاری پی نەكەن، هەروەها دەبێت ئێمەی هونەرمەند خۆمان ماندو بكەین بۆ ئەوەی گۆرانی رەسەنی كوردی بگەیەنینە ئەو ئاستەی كە خەلَكی وولاَتانی تر گوێمان لی بگرن و چێژی لی وەربگرن، بۆ ئێمە گوی لەگۆرانی توركی و فارسی و ئینگلزی و ئەجنەبی بگرین بۆ ئەوان گوی لە گۆرانی كوردی ناگرن، كەواتە دەبێت بەهەمووماں نەهێلین كەلتوری نەتەوەكەمانە گۆرانی رەسەنی مۆزیكی كوردی بەرەو عەقارێكی باش بەرن بە زیندووی رایبگرن.

**+تاچەند پێت خۆشە كەهونەرمەندێكی تر یان لاوێكی تازە پێگەیشتوو لاسای دەنگت بكاتەوە، لەسەر ستایلی گۆرانیەكانی تۆ بروات؟**

-بەراستی یەكێك بتوانی گۆرانیەكانم بەشێوەیەكی باش یان ئەو ئاوازانەی كەخۆم دام ناوە ئەو ئەدای بكات و بتوانی لەسەر شێوازی من بیلَێتەوە پێم خۆشە وە زۆر ئاساییە، بۆ نمونە

کورێك هەیە لەمیدیا tvساڵی پار کۆمەڵێك لەگۆرانیەکانی منی ووتەوە کەپەیوەندیان پێوەکردم منیش دەست خۆشیم لی کردوو بەڵام کەمێك ووشە کانی لەگۆرانیەکەدا هەڵە بوو بۆم راست کردەوە، هەروەها پێشم ووت هەوڵ بدە خۆت گۆرانی بڵی وگۆرانی خەڵك زۆر مەڵێرەوە چونکە ئێمە پێویستمان بەوە یە کە گۆرانی بێژمان هەبێت گۆرانی تازە پێش کەش بکات و گوی گرانیش چاوەڕی بەرهەمی تازەی دەکەن.

**+لەژیاندا چی مامۆستا کەریم بێزار دەکات یاخود بەچی بێزار دەبێت؟**

-من خۆم یەك داواکاریم هەیە خەڵکی ئەم شارە بەسەر شۆستەکاندا بڕوات و بەسەر جادەکاندا نەروات بەراستی ئەمە زۆر بێزارم دەکات کە خەڵکی بەسەر شۆستەکەدا ناڕۆن بەسەر جادەکەدا دەڕۆن، هەروەها جگەرە خواردنیش زۆر بێزارم دەکات بەتایبەتی لەناوپاپێدا کە ئەمە شتێکی زۆر ناشرینە، هیوادارم ئەو گەنجانەشمان کەئێستا جگەرە ئەکێشن وازی لی بهێنن نەی کێشن.

**+مامۆستا هەرچەندە ئەمە پرسیارێکی تایبەتی یە ئەتوانم بپرسم کەریم کابان چۆن ژیانی خێزانی پێک هێناوە؟**

-سەرەتا من دوو ژنم هێناوە یەکێکیان لەرەواندز کەبەخۆشەویستیو یەکترمان ناسی و حەزمان لەیك بوو دوای ئەوەی چوومە داوای وئەوانیش بەرێزەوە قبوڵیان کردمو دایانپێم، لەم ژنەم کچێکمان بوو بەڵام لەبەر ئەوەی منو ئەو لەژیانی هاوسەرێتیدا رێك نەدەکەوتین بۆچونەکانمان یەك نەبوو لەبەر ئەوە نەمان توانی ژیان بەیەکەوە بەسەر بەرین، دوابەدوای ئەوەش ژنێکی ترم هێنا دایکی شوان لەخوا بەزیاد بێت وا بۆ پەنجا ساڵ دەبێت بەیەکەوەین لەگەڵیا ئەژیم هیچ ناخۆشیەکمان لەنێواندا نەبووە.

**+مامۆستا گیان کۆچی دوای هەردوو کەڵە هونەرمەندی کورد (ابراهیم خەیات و عوسمان** عەلی) هیچ **یادگاریەک یان کەلێنێکی لای کەریم کابان بەجی هێشتووە؟**

-بەراستی کۆچی دوای هەردوو هاوڕێم هەنەرمەند کاکەبرایم و کاکە عوسمان زۆر تەئسیریان تی کردم زۆر یادگاریان لا بەجی هێشتم، بەراستی کەلێنێکی زۆر گەورەیان خستە ناو هونەرو موزیکی کوردیەوە، چونکە تاکو دوو هونەرمەندی ئاوا پی ئەگەندوو گۆرانی بێژی بەتواناوبەناوبانگی وا کەبتوانێتەو شعرە چاك چاکانەو ئەو ئاوازە باش باشانەدابنێن ماوەیەکی زۆری دەوێت، کۆچی هەردووکیان ئەتوانم بڵێم خەسارەیەکی زۆر گەورە بوو کەلەهونەری موسیقای کوردی کەوت پرکردنەوەی زەحمەتە، کاکەبراهیم زۆر تەئسیری لی کردم زۆر ئازاری دام بەهەمان شێوە کاکە عوسمان کەتائەو وەختەیکە وەفاتی کرد لەگەڵیا بووم بەدیاریەوەبووم قەد ئەو شەوەم بیر ناچێتەوە کە عوسمان عەلی لەئاهەنگە تایبەتەکەدا چوو بۆئەوەی گۆرانی بڵێت بەڵام بەداخەوە نەیتوانی بۆمان تەواو بکات، کەکەوت خێرا هەموومان چوینە بەهانایەوە ئەو کاتە خێرا گەیاندیانە خەستەخانە بەڵام من تا چووم بۆ خەستەخانە پێیان وتم کەکەعوسمانمان وەفاتی کرد. . . . کەچووم لەسەر نەقالە کە راکشابوو سەریم هەڵدایەوەو دوو ماچم کرد. . . . داوا لەخوای گەورە دەکەم کەجێگەیان بەهەشت بێت.

**+خۆشترین کات بەلای کەریم کابانەوە یان ناخۆشترین کات؟**

-خۆشترین کات بەلای منوە ئەوەیە کەکوردستان بەئازادی بژی دور لەەرو ئاژاوە و مافەکانی خۆی بەدەست بهێنێتا، ناخۆشترین کاتیشم ئەوەبوو لەرۆژی جیهانی مۆسیقاسالّی 1978گۆرانی لێلی ولۆلۆیە پێشکەش کردلەبغداد ئەوکاتە زۆر نەخۆش بووم دەنگم نوسابوو، کەگۆرانیەکەم ووت دەنگم نەشاز بوو هەروەها شعرو ئاوازە کەشم بیر چووەوەلەبەر ئەوە ناخۆشترین کاتم بوو.

**+کەریم کابان تائێستا بۆ کی زۆر گریاوە؟**

-من پێنج منالّم مردون بۆئەوان زۆر گریاوم بۆ جەمالی برام بۆ قادرکابانی برام هەر زۆر گریام کە هەوالّی ئیعدام کردنەکەیان بۆ هێنایىن، هەروەها بۆهەردوو هونەرمەند کاکە براهیم و کاکە عوسمانی هەر زۆر گریام.



**+لەکۆتایدا من هیچم نەماوە ئەگەر بەرێزت ووتەیەکت هەبێت یان بزانین بەرهەمی تازەت بەدەستەوەیە؟**

-من زۆر سوپاسی تۆی بەرێز دەکەم کاکە رێژین بۆئەم دەرفەتە کەتوانیمان بەدووقۆلّی سازی بکەین، وە داوا لەخوێنەری بەرێزیش دەکەم ئەدەبێت بم بورن ئەگەر کەمو کوریەك هەبێت لەقسەکانماهیوادارم بەدلیان بێت. لەکۆتایدا بەرهەمێکی تازەم بەدەستەوەیە ئەگەر تەمەن رێگەبدات ئەوا لەگەلّ تیپی مۆسیقای سلێمانی تۆماری دەکەین.

Rezheni_4ever@yahoo. com